**بۆ بەڕێزان ... مام جەلال و کاک مەسعود. (ئەگەر ئاوا نەدەبوو..!) ... م. حەمید عەزیز**

ئەگەر ئەوان بۆ میللەت خەباتیان بکردایە، ئەمە ئەنجامەکەی نەدەبوو...
ئەگەر ئەوان گەندەڵی وەك ڤایرۆس نەچوایەتە خوێنیانەوە...
ئەگەر ئەوان کۆشك و تەلاریان بۆ خۆیان دروست نەکردایەوەك فیرعەون...
ئەگەر ئەوان پارەو موڵکی میللەتیان کۆ نەکردایەتەوە بۆ خۆیان...
ئەگەر ئەوان شەڕی کوردو خۆکوژییان نەکردایە...
ئەگەر ئەوان فێری جنێوو ناوو ناتۆرەیان نەکردینایە...
ئەگەر ئەوان بێ یاسایی و خزم خزمێنەیان نەکردایە...
ئەگەر ئەوان شارو لادێیان ئاوەدان بکردایە...
ئەگەر ئەوان پەنای هەژاران بوونایە...
ئەگەر ئەوان فایلچی یەکانیان دادگایی بکردایە...
ئەگەر ئەوان خەڵکیان فێری خۆشەویستی بکردایە...
ئەگەر وولاتەجوانەکەم بەکەلاوەنەکرایە...
ئەگەر خەڵکیان دەرنەپەڕانایە...
ئەگەر بەچاوی هاوولاتی سەیر بکرابنایە...
ئەگەر تۆزێ خزمەت گوزاری دەستەبەر بووایە...
ئەگەر مرۆڤی کورد هەستی بەهاوولاتی بوونی خۆی بکردایە...
ئەگەر ماستاو چیش بیهێشتایە...
ئەگەر تۆزێ لەو سەڵتەنەتەی خۆتان بۆ خەڵك بوویایە...
ئەگەر گەنج مافی نەخورابایە...
ئەگەر پیاو سالاری بنەبڕ بووایە...
ئەگەر پێش خەڵك یاساتان بچەسپانایە...
ئەگەر یەکسانی کۆمەڵایەتی دابڕێژرایە...
ئەگەر یاسای جەنگەڵ بسوتێنرایە...
ئەگەر ئازادی فیکر ئاوەڵابووایە...

ئەگەر ئادەمیزاد بەنرخ بووایەو مافی منداڵ و ژن و ئافرەت و ڕێزی هەموو چینەکانی کۆمەڵ وەك یەك پیادەبکرایە، لەپێش هەموویەوەچینی هەژارو زەحمەت کێش چونکەئەوەرەنجی ئەوانەکەئێوەی لەو پلەو پایەیەخۆشحاڵ کردووە.
ئەوانەو هەزاران ئەگەر ی تریش، نیگا جوانەکانی ئەم وولاتەی کوێرکردوو، پێنووسە ئازادەکانی شکاندوو، حەزەکان و هیوای سبەینێیان کوشت و فیکرە سەربەستەکانیان تیرۆرکردوو، دەریایەك خوێن بوو بەهەڵم و عەشقێکی جووانی... ! بۆ نەکردین بەسەمای گۆرانی یەکانی بەختەوەری.
ئەگەر... ئەگەرەکان ئاوا نەبا.... پێویستی بەو هەموو پرۆپاگەندەحیزبی یە نەدەکرد بۆ هەڵبژاردن... خەڵکی خۆی ئەڕۆیشت بۆ دەنگدان... !!!.

م. حەمید عەزیز.... Hamid773@hotmail. com